

گەشاوە جاف

**نوێ بوونەوە**

جارێکی تر لە دایک دەبمەوە

ئەم جارە جیاواز لە منداڵیم

لە منداڵدانی ژنێکدا گەورە نابم

نۆ مانگیش هەڵم ناگرێت

کەوادەی لەدایک بوونم هات ناگریم

ژیانیش بەدەممەوە خەندەی مجامەلەناکات

جارێکی تر لەدایک دەبمەوە

لە منداڵدانی ژیانی غوربەتییما ئەپشکوێم و

سەفەر دەبێتە توویشووی نۆمانگەم

ئەمجارە خۆم بڕیار دەدەم کێم و چیم

ئەمجارە ڕوخساری کەس ڕەش ناکەم

گەمەی ژیان لەگەڵ کەس بەش ناکەم

چاوەکانم قەت فێری چاوەڕوانی ناکەم

دەستەکانم بۆ هیچ کەسێ درێژ ناکەم

ئەمجارە قاچەکانم هەنگاویان ڕووەو

قیبلەی ماڵەکەی تۆ نانێت

جارێکیتر لە دایک ئەبمەوە

ئەم جارەیان بێکەس بێکەس

هەر بەڕووتی ئەڕژێمە ژیانەوە

ئەمجارەیان هەوری ڕەشی ئاسمان

لەگەڵ خۆمدا ڕادەماڵم

ئەمجارەیان دییەکانم ئەسرینی ئاسوودەیی ئەڕێژن

ئەمجارەیان لە باڵەخانەی شادییەوە ئەڕوانم و

لە تەنهاییشدا نامرم

لەدایک دەبمەوە لە ناو منداڵدانی ئەزموونەکانی ژیان

دێمەوە دنیای بێ دابڕان

ئەمجارە دەرگای دڵم بۆ هیچ کەسی والاناکەم

ئەمجارە ژیان بە جۆرێکی نوێ مامەڵەدەکەم

ئەمجارە بۆ خۆم ئەژیم سەرمەستانە

ئەمجارە لەشیری مەمکی ژنێک ناخۆم

بە هەنگوینی جوانی سرووشت خۆ گۆش ئەکەم

شەرابی بەرهەمی تواناکانم بەعەشقە ئەنۆشم

ئەمجارە گوڵی تەمەن بە خۆشەویستی ئاودەدەم

بە بۆنی گوڵ و جوانیەکان

لەم دنیا بەهەشت بۆ خۆم دروست ئەکەم

گشت ئاگرەکانی دۆزەخی ڕۆحم خامۆش ئەکەم

بۆ هەردەم خامۆشی دەکەم

سەر لەنوێ لەدایک دەبمەوە.

لەندەن / هاوینی2011

گەشاوە جاف